# ئالأى بەعس ئالأى جينۆسايدو بێمافى يە


عبدالله مەحمود

abdulla.mahmud@gmail.com


سەرۆكايەتى هەرێمى كوردستان، بڕيارى داگرتنى ئالأى عێراقى لەسەر دامودەزگا ئيداريەكانى كوردستان ڕاگەياند، ئەمەش كاردانەوەيەكى زۆرى لە لايەن باڵەكانى ناسيونالستى عەرەب و ناسيونال ئيسلاميەكانى عێراقەوە بەدواى خۆيدا هێنا.

ئالأى عێراق نوێنەرەوەى چى يە؟ بۆ دەبێ دابگيرێت؟ بڕيارى سەرۆكايەتى هەرێم لەكوێوە هاتووە؟ .....ئەمانەو چەند پرسيارى تر دەبێ وەڵام وەربگرنەوە، ئەم ووتارە هەوڵێكە لەوڕاستايەدا.

**كورتە پێشينەيەكى مێژوويى**

بۆ ئەوەى بتوانين وەلأمێكى شياو وە لۆژيكى بەو پرسيارانە بدەينەوە، پێويست دەكات ئەگەر زۆر بەكورتيش بێت شێوەى پێكهاتنى دەوڵەتى عێراق، بەچەند دێرێك بە بيربهێنينەوە.

مێژووى پێكهاتنى دەوڵەتى عێراق، مێژوويەكى تێكسمڕاوە، مێژووى قەوارەيەكى بەزۆر بەيەكەوە لكێنراوى دەسەلأتێكى دەرەكييە، بەرهەمى داڕوخانى ئيمپراتۆريەتى عوسمانى وسەركەوتنى ولأتە ئيمپرياليستيەكانى جەنگى يەكەمى جيهانە، بەديارى كراويش عێراق بەپێى بەرژەوەندى دەوڵەتى بەريتانياى ئەوكاتەى سەركەوتوو لەجەنگدا، لەسەرەو بەبێ گوێدانە ئيرادەى دانيشتوانەكەى و پێكهێنراوە و قەوارەى پێدراوە، بەم شێوەيە ستراكتۆرى دەوڵەتى عێراق، لە سنورەكەيەوە، تادەستورەكەى، تاسيستەمى سەربازى و خوێندنەكەى، تا ئالأكەى....تاد هەموويان لەلايەن دەوڵەتى بەريتانيەوەو بەپێى بەرژەوەندى چاوچنۆكانەى ئەوكاتەى قوتكراونەتەوە و بەسەر سەرى خەڵكى عێراقدا سەپێنراوان، تەنانەت "مەليك"يش هەر لەلايەن بەريتانياوە و لەدەرەوەى عێراقەوە هێنراوە.

عێراقيك كە دانيشتوانەكەى هيچ ئيرادەيەكيان لەسەر پێكهێنانى وولأت و سنورەكەى و دارشتنى دەستور و ستراكتۆرى دەوڵەتدا نەبوبێت، بەهيچ شێوەيەك ناكرێت وەكو ڕەوەندێكى سروشتى لە پێكهاتنەكەى بڕوانرێت.

ئالأى عێراقيش، سەربارى هەر ئاڵوگۆڕێكى ڕەمزى كە بەسەريدا هاتووە، لە درێژەى هەمان ڕەوەندى ناڕوتيندا ماوەتەوە. خەڵكى عێراق هەر وەكو چۆن لەسەرەوەو بەزۆر لەقەوارەكەدا كۆكراونەتەوە،

ئاواش ئەم ئاڵاو دەستورەیان بەسەردا سەپێنراوە، دەسەڵاتیش دراوەتە ئەم بەشە لە ناسیونالیزمی عەرەب کە لەڕاستای پاراستنی بەرژەوندی ئەوکاتەی بەریتانیدا بووە.

بەدوای لەدەسەلات هێنانەخوارەوەی بەعس، بێگومان دەبوو هەموو ستراکتۆری ڕژێمی بەعس، وە سەرەپای ستراکتۆری سیستەمەکە لە دەستورەوە، تا سیستمی خوێندن وپەروەردە، تا یاساوڕیساکان، تا ئاڵاو شێوازی حوکم، لەڕیشەوە بگۆردرێت و لەجێگایدا ستراکتۆریکی تر جێگای بگرێتەوە، بەڵام دیسان بەوهۆیەوە کە کەوتنی ڕژێمی بەعس دیسان بەرهەمی ڕاپەرین و شۆڕشی خەڵك و تێکرمانی هاوسەنگی هێزی خەڵك و ڕژێم نەبوو، دیسان پێکهێنانەوەی دەوڵەتی عێراق لەسەرەوەو بێگویدانە ڕەئی و ئیرادەی دانیشتوانەکەی لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە، پرۆسەیەکە کەدەیانەوی بەزۆر بەسەر خەڵکی عێراقیدا بسەپێننەوە، وەکو بەریتانیای دوای جەنگی جیهانی یەکەمیش دەسەڵاتی عێراقی دوای بەعس بسپێرنەوە بەو هێزانەی کە دیسان ئەبنە پاراستنی بەرژەوندی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی.

کێشمەکێشی ئێستای هەر یەك لەحزب و لایەنە قەومی ودینی و تایفیەکان، بۆچڕکردنەوەی دەسەڵات لەدەستی خۆیاندا، کە خەڵکی عێراقی لەبەردەم کورەی شەڕێکی سەرسەری و مەزهەبی و قەومیدا، ڕاگرتوە. بەرهەمی جەنگ و داگیرکاری و هاوکات ئەم کێشمەکێشەیە لەسەردەسەڵات.

کێشمەکێش لەسەر جۆری ئاڵاو هەڵگرتن وداگرتنی، یەکێکیتر لەوکێشمەکیشانەی دەسەڵاتە کە بەدوای کەوتنی بەعسدا تائێستا، مشت ومڕی لەسەر بووە.

بێگومان ئاڵای عێراق، هەروەکو ئاماژەم پێدا، هەرگیز ئاڵای خەڵکی عێراق نەبووەو داسەپێنراوە.پاشان بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەب بەدەستیەوە گرتووە.

بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەب لەعێراقدا، سەرباری جیاوازی ناوی سەرۆك و حزبەکانی لەدەسەڵاتدا، لەپێکهاتنی دەوڵەتی عێراقەوە، دەسەڵاتی وڵاتی لەدەستی خۆیدا قۆرخ کردووەولەژێر ئەم ئاڵایەدا، خەڵکی عێراق گەورەترین ڕۆژڕەشی و نەهامەتی، بێپەردەترین سەرکوتی وەکو( زیندان و شکنجە، ئیعدم و گوللەبارنکردن، جینوسایدی وەکو ئەنفال و کیمیابارنکرن، ژێرخاکخستنی بەکۆمەڵ، ...تا دەگات بەوەڕێخستنی چەندین جەنگ لەوانە جەنگ لەدژی مخالفینی سیاسی، لەدژی خەڵکی کوردستان، وە جەنگی عێراق- ئیران، عێراق-کویت.... وە وەڕخستنی جەنگ بۆ گۆرینی دیمۆگرافی و جغرافی، وەڕێخستنی جەنگ لەدژی کەلتور و زمان، بەواتایەکی تر کەلتورسایدو زمان ساید.......)هەموو ئەمانە لەژێر ناوی سەروەری عێراق و ئاڵای پیروزی عێراقدا!! وەڕێخراون.

بۆیە ئاڵای عێراق بەوێنەی ڕەمزی بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەب، ڕەمزی گەورەترین کوشتارو بێمافی زیاتر بە سیٚ چارەکە سەدەی کۆمەڵگای عیراقە. هەر بەم هۆیەوە چۆن دەسەڵاتی پارێزەری ئەم نیزامە دەمێك بوو لەلایەن خەڵکی عێراقەوە لەبەردەم ناڕەزایەتی و نەفرەتی قوڵی ملیۆنی خەڵکی عێراقدا بوو، ئاواش ئەم ئاڵایە کە کوشتاری سیستماتیك و زنجیرەیی هەموو ڕۆژەی لەژێردا ئەنجام

دەدرا، قیزەونترین سیماو ڕەنگ و ڕەمزی نەفرەتلێکراوی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان بوو.

بۆیە ئەم ئاڵایە ڕەمزی دەسەڵاتی خوێناوی ناسیونالیزمی عەرەب بووە لەدژی هەموو بەهایەکی مرۆیی. پیرۆزی لای هیچ کەسێکی ستەمدیدەو ئازادیخوازی عێراقدا نەبووەو نییە.

بۆیە نەفرەت لەم ئاڵایەو خواستی لابردنی و بەئەرشیف سپاردنی، بەرلەوەی خواستی هیچ کام لەحزب و لایەن و سەروك و سكرتێری حزبەكان، بوبێت، خواستی خەڵكی عێراق كوردستان بووە.

ئەوە كە ئێستا ئاڵا دەبێتە جێگای مشت ومڕی نێوان حزب و لایەنەسیاسیەكانی ناسیونالستی" كورد و عەرەب" و ناسیونال ئیسلامی یەكانی ، ئاڵا بەوێنەی ڕەمزە كوشتاریەكەی نییە كە لەژێریا ئەنجامدراوە، ئەوەندەی كارتێكی گوشارە لەبەرامبەر بەیەكتریدا بەدەستەیەوە دەگرن.

سەرۆكی كوردستان و ئاڵا

ئەم هەنگاوەی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و بارزانی بۆ داگرتنی ئاڵای عێراقی سەردەمی بەعس لەكوردستاندا، و هاوكات پێداگری لەوەی كە ئاڵای 14 تەموز لەجێگایدا دەمێنێتەوە تا ئاڵایەكی تر لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی!! عێراقەوە پەسەند دەكرێت، نیشانیدەدات كە بارزانی و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان كێشەیان لەگەڵ ئاڵای عێراقدا نییە، بەوێنەی ئاڵای بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەب، بەڵكو هەروەكو لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە بەدەستەوەگرتنی ئاڵای سەردەمی بەعس بەتەنها كارتێكی تری مامەڵەیە بۆ بەشە دەسەڵاتی جێگیر لە بەغداو بەڕەسمی ناسینی دەسەڵاتیان لەكوردستان و درێژەپێدان و وەرگرتنی پسولەی یاسایی بوونی ئەم دەسەڵاتەی كوردستان لە ناوەند.

لێرەدا جێگای خۆیەتی لە بارزانی و سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بپرسین، ئایا ئاڵای 14 تەمووز جیاوازی لەگەڵ ئاڵای سەردەمی بەعس چی یە؟ ئایا ئاڵای 14 تەموز لەكویَ و بەپێی كام بەڵگەنامە ئاڵای بەڕەسمی ناسراوە لەلایەن خەڵكی عێراق و كوردستانەوە؟ لەكویَ ڕیفراندۆمی بۆكرا؟ بێگومان ئاڵای 14 تەموز لەگەڵ ئاڵای سەردەمی بەعسدا هیچ جیاوازیەكی وایان نییەو هەردوو ئاڵاكەش ئاڵای بزوتنەوەیەكی دیاریكراون لەعێراقدا، ئاڵای بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی دەسەڵاتبەدەست. هەردووكیشیان لەسەرەوە وبەبیَ گوێدانە ڕەئی وئیرادەی خەڵكی عێراق و كوردستان داسەپێنراون و هەردوو ئاڵاكەش ڕەمزی سەركوت و بێماڤی و كوێرەوەری و نەهامەتی بوون.

ئاڵای سەردەمی بەعس لەم چەندساڵەی دواییدا و لەكۆتاییی شەڕی عێراق-ئێراندا ووشەی الله و اكبری لە لایەن سەرە تاوانكاری بەعس صدام حسێنەوە بۆ زیادكرا، جگە لەو گۆڕانە ئاڵای سەردەمی بەعس لەگەڵ 14 تەموز جیاوازیەكیان نەبووە.

بۆیە بڕیاری بارزانی وسەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بۆداگرتنی ئاڵای سەردەمی بەعس لەكوردستان، و بەدوای چەند ئامانجی دیاریكراووەیە.

ئاڵای سەردەمی بەعس کە ئێستا لای بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان نەفرەتلێکراوە!! هەرئەو ئاڵایە لەساڵی 1991 لەکاتی گفتوگۆی بەرەی کوردستانی لەگەڵ بەعسدا بەسەر سەیارەی هێزەکانی بەعسەوە هەڵکرابوو کەلەگەڵ هێزی پێشمەرگە لەناوشارەکاندا سەرکوتی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵکیان دەکرد، وە هاوکات بارزانی خۆی بانگەوازی سوپای بەعسی بە ئاڵای عێراقەوە کردووە بۆ شەڕی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیدا، لەوانەش واوەتر ئاڵای سەرکوت و بێماڤ ڕژێمەکانی ئێران و تورکیا چەندین جار لەلایەن یەکێتی و پارتی یەوە پەلکێش کراوەتە کوردستان و بەسەر ناوچە سنوریەکان وتەنانەت قوڵایی کوردستانی سوتماك و ئەنفالکراو و وێرانکراوی دەستی بەعسدا، شەکاوەتەوە.

ناسیونالیزمی کورد بەگشتی بارزانی و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، هەرکات بەپێویستیان زانیبێ ئاڵای بەعس و بزوتنەوەی ناسیونالستی عەرەبیان، هێناوەتە کوردستان و لەسەر بارەگاکانیان شەکاوەتەوە کاتیکیش بە پیویستیان زانیبێت وەکو ئەم ماوەیە ئەڵێن ئەبێ لەکوردستان دابگیرێت.

ئەم بانێك و دووهەوایە، لای خەڵکی کوردستان تازە نییە. و ئامانجی بارزانیش لەو بڕیارەی ڕۆشنە، بارزانی لەلایەکەوە ئەم دەورەیە ئاڵا وەکو کارتی بردنەپێشەوەی ململانێ ی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ دۆستە هاوپەیمانەکانی لە حکومەتی ناوەندیدا لەبەغدا دەباتە پێشەوە. لەلایەکی تریشەوە دەیەوێ لەڕێگای ئەم پەیامەیەوە ناڕەزایەتی یە هەمەگیرو ڕوولەپێشەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕووی برسێتی و بێماڤ و نەبونی خزمەتگوزارەیە کۆمەڵایەتیەکان و فەساو گەندەڵیدا، ئیحتیوا بکات و سەرنجی خەڵکی کوردستان لەسەر کێشەو خواستە بەرهەقەکانی خۆی بگوازێتەوە سەر ئاڵاو کێشمەکێشەکانی خۆیان لەگەڵ باڵەکانی تری ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی. لەم نێوەشدا خەڵکی کوردستانیش وەکو زەخیرەی ئەم کێشمەکێشە بەکاربهێنێت.

تائەوجێگایەش بارزانی دەڵێت دەبێ ئاڵای کوردستان لەجێگای ئاڵای حزبی لەسەر دام ودەزگا ئیداری و حکومیەکانی کوردستان هەڵبکرێت، دەبێ بڵێن، ئەوەش کە بەئاڵای کوردستان ناودەبرێت، ئاڵای کوردستان نییە، و ئاڵای بزوتنەوەو کەلتورێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای کودستانە" بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردە" و هی سەردەمی کۆماری مهابادە.

ئەم ئاڵایە هەرگیز تەعبیر و ڕەمزی خەڵکی کوردستان نییە، ئەگەر بارزانی دەیەوێت ئاڵایەك هەبێت کە تەعبیر لە واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی وپێکهاتەی دانیشتوانی کوردستان بکات، ئەمە بەر لەهەموو شت لەگرەوی جیابونەوەی کوردستان لەعێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆدایە، و دەوڵەت پێش مەرجی ئاڵایە.

ئەوکاتە کە خەڵکی کوردستان بوون بەخاوەنی دەوڵەتی خۆیان، ئەوکاتە دەکرێت ئاڵایەك ببێتە ئاڵای خەڵکی کوردستان، کە خەڵکی کوردستان لە ڕیفراندۆمێکی ئازادانەدا دەنگیان پێدابێت و تەعبیر

لەواقعیەتی کومەڵگای کوردستان بکات.

خەڵکی کوردستان هاوکات لەگەڵ بردنە پێشەوەی ناڕەزایەتیەکانیان، بۆ دابین کردنی خواستە بەرهەقەکانی خۆیان لەئاوو کارەبا، ڕێگاوبان و شوێنی نیشتەجێبوون و بەرزکردنەوەی موچەکانیان و گێرانەوەی سەروەتی دزراوی خۆیان لەلایەن بەرپرسی ئەحزابەکان و بەرگرتن بەدزی و تالآنی و داسەپاندنی ئازادیە سیاسیەکان و توردانی ئالآی جینۆساید ناسیونالیزمی عەرەب … دەبێ ئەم خەبات و ناڕەزایەتیانەیان لەگەڵ تێکۆشان و خەبات بۆجیاکردنەوەی کوردستان و پێکهێنانی وولآتێکی سەربەخۆ لێکهەڵپێکن و ئەوکاتەش کۆمیسیۆنێکی شارەزا ڕابسپێردرێت بۆ ئامادەکردن و هەڵبژارنی ڕەنگ و شێوەی ئالآیەکی مۆدیرن، کە تەعبیری واقیعی لەپێکهاتەی سیاسی و کۆمەلآیەتی وناسنامەی ئینسانی خەڵکی کوردستان بکات وپاشان لەڕیفراندۆمێکی ڕەسمیدا خەڵکی کوردستان پەسەندی بکەن. ئیتر ئەمە ئالآی کوردستان دەبێت.

4-9-2006